# حیکایەتی ئەو پیاوانەی لە وەهمدا ئەژین ،

# یان ئەو ژنەنووسەرانەی تۆمەتبارکراون

ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk



بە داخێکی گرانەوە مێژووی دەڤەری خۆرهەلأت بە گشتی و مێژووی ئەدەبی و سیاسی ئەو دەڤەرە بە تایبەت مێژوویەکی زبر و نێرە ، هەر ئەوەش وای کردووە ئەو ئایدیۆلۆژیا و ئاراستە فیکریانەی لەو ناوچەیەدا سەرهەلأئەدەن مامەلأ لەگەلأ وردیکاری و دۆزە گەورەکانیشدا بە چاویلکە نێرینەکانەوە بکەن ، هەر بە پێوانە رەگەز نێرینەکان مەسەلەکان بپێون ، و لەسەر ئەو نبەمایەش زۆر لە بەرهەم و دەستکەوتەکانی ژن بە چاوی کەم و نزم سەیر ئەکات و زۆر جاریش ئەیکات بە ژێر لێوی مێژووەوە یان ئەیهاوێژێتە پەراوێزی مێژووەوە ئەگەر هەر فرێشی نەداتە زبلدانەوە بۆ ئەوەی هەمیشە لە کۆتاییدا سەرووەری بۆ پیاوی (خاوەن شکۆ) بمێنێتەوە.. هەتا ساتی نووسینی ئەم بابەتەش کە بە پێنووسی ژنێك ئەنووسرێت ، پیاوەکانمان لە وەهمێکی بێ ماناداا ئەژین کە بەرهەمی ئەدەبی ژن کاڵە و ئەگەر رەنگیشی هەبێت پیاوێك ئەو رەنگەی پێئەبەخشێت ، بۆ نمونە ئەو ئەدەبەی ژن ئەینووسێت ئەدەبێکی لاوازە و ناگاتە ئاستی ئەدەبی پیاوی (سەردار) ، و زۆر خەیالأ و وەهمی تری لەو چەشنە ..

بەلأم مەترسیەکە لەوەدایە ئەو لە پەراوێز دانانەی بەرهەمی ئەدەبی ژن و ئیعتیراف پێنەکردنی ببێتە بەشێکی زیندوو لە خیتاباتی پیاوەکانمان و ببێتە بەشێك لە بۆماوە فیکریەکانی کۆمەلأگا و دوایین جار ببێتە بەشێکی پتەو لە عەقلیەتی فەرهەنگی و فیکری کۆمەلأگا و بیکاتە تەقس و پەیرەوی بکات و ببێتە میراتی و پشتاوپشت بە شانازیەوە بۆ نەوە رۆشنفکرەکانی دوای خۆی جێی بهێلێت و نێرەکانی دوای خۆشیان بە شانازیەوە ئەو میراتیە وەرگرن و کاری پێبکەن ، ئەو کاتەی بەرهەمی ئەدەبی و فیکری ژن بکاتە بەشێك لە دەستکەوتەکانی خۆی ئەوە خۆی لە خۆیدا مەترسیە گەورەکەیە..

بە درێژایی مێژووی ئەدەبی و فیکری و سیاسی هەموو میللەتانی دونیا و بەتایبەت کۆمەلأگاکانی ناوچەی خۆرهەلأتی ناوەراست کە کۆمەلأگای کوردەواری یەکێکە لەوان ، بە درێژایی ئەو مێژووە هەندێ پیاوان هەن هەمیشە درۆیەکیان کردووە و باوەریان پێهێناوە ، ئەویش ئەوەیە گوایا ژن بەهرەمەند نیە ، یان ژن ناتوانێت تاسەر بەهرەمەند بێت ، و ناتوانێت بەردەوام بەرهەمی ئەدەبی هەبێت ، یان هەموو ئەوەی ژن ئەینووسێت دەستوخەتی پیاوێکی تیایە ، لە کاتێکدا زۆر بە شانازیەوە ئەیلێم نووسەری ئەم بابەتە کە یەکێك بووە لەو ژنانەی لە یەکێ لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیدا ئەو پرۆپاگەندەیەی دواخرا ، بەلأم خۆشبەختانە نەك بە درۆ بووەوە ، بەلأکوو لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە هەر بەو دەستوخەتەی چەندین نووسینی بۆ چەندین پیاوی نووسەر نووسیەوە و ناوی پیاوەکانی خستە سەر و پیاوەکانیش دانیشتن لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا بە شانازیەوە باسی بەرهەمەکەیان کرد کە نووسەری ئەم بابەتە بۆی نووسیبوونەوە ، نەك نووسەری ئەم بابەتەش بەلأکوو زۆر ژنی

**تر ئەو پڕوپاگەندەیەیان بەدواوەبوو ، ئەوەی بەدرۆ بووەوە ، بە درۆبووەوە ، ئەوەی راستبوو دوای ئەوەی ژنەکە کوژایەوە بە داخەوە پڕوپاگەندەکە سەری گرت..**

**ئەمە زادەی عەقڵیەتی دواکەوتووی کۆمەڵگایەکە باوەڕ بە هزر و توانای رەگەزی ژن ناهێنێت ، لە کاتێکدا هەموو شتەکان لە بنەڕەتدا و لەسەرچاوەوە ئەگەڕێنەوە بۆ مێینە هەروەك بە راشکاوی نەوال سەعداوی ئەڵێت (الرنپ* هی الرێل) واتا (مێینە ئەسڵە) ، بەهانەش بۆ ئەوە ئەوەیە هەموو ئەو پیاوانەی بەرهەمی ئەدەبی ژن بە موڵکی خۆیان ئەزانن لە منداڵدانی ژنێکدا دروستبوون ، و لە چەندین مانگ لە شیری ژنێکیان خواردۆتەوە و بە دەستی ژن پەروەردەبوون ، تەنانەت ئەگەر ژن نەبێت وەجاخیان نابێت ، کەواتە باشتر وایە بڵێن هەموو بەرهەمی نێرەکانە موڵکی ژنە..**

**لە کۆمەڵگا باوك/پیاوسالاریەکانماندا هەمیشە ئەدەبی ژنان تاکە ئەدەب بووە کە پیاو لە پەراوێزدا ناوی بردووە ، هەمیشە ئەدەبی پیاو وەکوو میراتی باوك بۆ کۆمەڵگا ماوەتەوە ، بەڵام ئەدەبی ژنان وەکوو لق و وەکوو بەشێك لە دەستکەوتەکانی پیاو باسی لێوە کراوە ، ئەوەتا (دیل سبیندر)ی ژنەنووسەر لە کتێبی (زمانێك لە دروستکردنی پیاو) ئەڵێت: "لە کاتێکدا هەموو مانا بەسەر یەکا کەوتووەکانی ئەزموونی پیاومان بۆ ماوەتەوە ، کەچی مانا و ئەزموونەکانی نەنکەکانمان هەموو لەسەر رووی زەمین دیار نامێنن"**

**نمونەی ئەو پیاوانەی لە وەهمێکدا ئەژین گوایا پیاو بۆ ژنە نووسەرەکان ئەنووسن ، و ژنی نووسەر ئەگەر پیاوێك نەبێت ناتوانێت بنووسێت زۆرن بە درێژایی مێژوو ، زۆر نمونەی نووسەری ژنمان هەن ئەو تۆمەتەیان دراوەتە پاڵ ، باس لە هیچ لەو ژنانە ناکەم کە مێژوو باسی لێوە کردوون ، تەنانەت ناوی ئەو ژنانەش نابەم کە ئەو تۆمەتەیان لە کاتێك لە کاتەکاندا دراوەتە پاڵ ، چونکە زۆریان لە ژیاندان و نامەوێ کەس ئیحراج بکەم ، بەڵام خۆم ئیحراج ئەکەم و باس لە خۆم ئەکەم ، بەندە یەکێك بوو لەو ژنانەی لەسەرتای ژیانی ئەدەبیمدا بوومە قوربانی هەندێ لەو قسە و باسانە ، بەڵام خۆشبەختانە هیچ وەڵامێکم نەدەدایەوە چونکە باوەڕم بە خۆم هەبوو رۆژێك لە رۆژان لە بازنەی داخراوی ئەو بۆماوە فیکریە تەڵخە دەربازم ئەبێت و نووسینەکانم وەڵامی شیاوی ئەو قسە و باسانە ئەدەنەوە ، هەتا ئەوەبوو چوومە دەرێ و زۆر نووسەری تری ژن چوونە دەرێ ، هەموو وەکوو مۆم کوژانەوە و من وەکوو چاوی خۆر بە داگیرساوی مامەوە..**

**جۆری ئەو پیاوانە لە هەموو شوێنێك هەن ، ئەوە رەنگدانەوەی حاڵەتێکی سایکۆلۆژی و نەخۆشیەکی دەروونی سەختە ئەو پیاوانە لەدەستی ئەناڵێنن ، ئەوە جۆرێکە لە رەت کردنەوەی ئەو راستیەی ژن لە توانایدایە بە چەشن و قەبارەر و هەندی پیاو لێهاتوو بێت ، بەڵام ئەو جۆرە پیاوانە خەیاڵی فراوانیان ئەیانگەیەنێتە هەتا سنووری ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەوان خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانی ژنن ، ئەوان وا ئەزانن ئەوان نەبن ژن ناتوانێت بەهرەمەند بێت ..**

**بە بێ گومان ئەم نووسینە هیچ هەوڵێك نیە بۆ پۆلین کردنی ئەدەب لەسەر بنەمای رەگەز ، بەواتایەکی تر نابێتە داخاوازیەك بۆ جیاکردنەوەی خانەیەك بەناوی ئەدەبی ژنان و لە پیا بپارێینەوە دانی پیا بنێت ، بە پێچەوانەوە هەوڵێکە بۆ ئاشنابوون بە بەرهەمی ژنی نووسەر و ناوبردنیان لە ریزی ئەدەبی پیاو ، هەوڵێکە بۆ نزیکخستنەوەی چاو و هزری کۆمەڵگا لە بەرهەمی راستەقینەی ژن ، هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی پیاو بە بیرۆکەی ئەوەی ئیدی لەو کەلە بەرزە بێنە خوارێ کە وا دەزانن ئەوان سەردارن و ژن لە خوارەوە چاوەڕێیانە ، بۆ ئەوەی ئەو کرداری سڕینەوەی بەرهەمی ئەدەبی ژن و لە پەراوێزدا باس کردنی لە فەرهەنگی مێژووی ئەدەبی و میتۆلۆژی کۆمەڵگا دەرکەین و جێگەی شیاو ببەخشینە بەرهەم و داهێنانی ژنان و بیانخەینە جێگای شایستەی خۆیانەوە ، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ژن بجووڵێت و بێتە ناوجەرگەی خەباتی ئەدەبی ئینسانیەوە و خیتابەکانی**

ئاڕاستەی مرۆڤایەتی بکات زیاتر لەوەی تەنها ئاڕاستەی ژنی بکات وەك کارداوەیەکی مومارەستای نێرینەکان بەرامبەری .

هەر لێرەشەوە دوو جۆر لە ئەدەب جیا ئەکرێتەوە کە ژن ئەینووسێت ، یەکێکیان ئەو ئەدەبەیە کە ژن خستوویەتیە خزمەت دژایەتی کردنی پیاوەوە ، دووەمیان ئەو ئەدەبەیە کە خستوویەتیە خزمەت کردنی رەگەزی خۆیەوە وەك مێینە و دەرخستنی مێینایەتی خۆی لە دەقەکانیدا و دەرسختنی شانازی کردنی بە مێینایەتی خۆیەوە ، بەڵام هەر لە پاڵ ئەوەشدا ئەدەبێکی تر هەیە ژن ئەینووسێت ئەویش ئەوەیە کە خزمەتی مرۆڤایەتی پێدەکات لە چوارچێوەی ئەدەبێکی گەورە کە پێی دەوترێ ئەدەبی مرۆڤایەتی ..

ئیدی هەر دەقێك ژن بینووسێت چەند ئەرکێکی جیاواز بە جێ ئەهێنێت لەوانە نووسین و ناساندنی رەگەزەکەی و زەق کردنەوەی داواکاریەکانی رەگەزەکەی لە دێڕەکانی دەقەکەیدا.

هەر لەو میانەیەدا ژن ئەکەوێتە ژێر فشاری گەلێك لە فاکتەرەوە کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر بەرهەمەکەی وەك : ئەو ناوەندەی تیا ئەنووسێت ، ئەو عەقڵیەتەی دەقەکەی ئەخوێنێتەوە ، ئەو عەقڵیەتەی رەخنە لە دەقەکەی ئەگرێ چ بە پۆزەتیڤ و چ بە نیگەتیڤ. هەروەها ئەرکی خۆی وەك رەخنەگر ، چ رەخنە لە دەقەکەی خۆی بگرێت و چ رەخنە لەو رەخنانە بگرێت کە بۆی دێت لەسەر دەقەکەی.

ئەوەی زۆرجار وا لە ژنانی نێوەندی ئەدەب ئەکات پاشەکشە بکەن ئەو حاڵەتەیە لە پشتگوێ خستنیان و فرێدانی بەرهەمەکانیان لە پەراوێزدا ، و رێگەگرتن لەوەی رۆڵی شیاو و گونجاوی سروشتی خۆیان ببینن ، و دوورخستنەوەیان لە بازنەی داهێنان بە هەر بەهانەیەك بێت ، ئەوەش بە پێی ئەو بیردۆزە سەقەتەی کە هەموو شتەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ دەستی پیاو ، ئەوەشی ئەو ململانێیە دروست ئەکات ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیەیە کە ژن لە خوار پیاوەوە دا ئەنێت ، دواتر وەك کاردانەوەیەك ژن ئەدەبەکەی ئەخاتە خزمەت یەك دۆزەوە ئەویش رەتکردنەوەی عەقڵیەتی باوکسالاری کۆمەڵگا و داهێنانی زمانێکی جیا تەنها بۆ مەبەستی رەتکردنەوەی زمانی نێرینەی کۆمەڵگا بە هەموو جۆرەکانی نووسین و داهێنان ، کە زۆر جار ئەبێتە هۆی لاوازبوونی ئەو دەقەی ژن ئەینووسێت لەلایەك و لە لایەکی تر دووری ئەخاتەوە لەو مەسەلانەی پیاو ئیحتیکاری کردووە و خۆی بە خاوەنی ئەزانێت و تەنها مافی بە خۆی داوە باسی لێوە بکات ، بەو شێوەیەش بۆشاییەکی قووڵ و تاریك ئەکەوێتە نێوان دەقەکانی ژن ئەینووسێت ، و عەقڵیەتی کۆمەڵگا وەڵامەکەی لە رەتکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ ئەو دەقە زەق ئەبێتەوە ، یان بەوەی پیاو خۆی بە خاوەنی ئەو بەرهەمە بزانێت ، و بەو شێوەیەش لە بازنەیەکی بکوژی داخراودا ئەمێنینەوە ..

تێبینی: ئەم وتارە ناچێتە خانەی دژایەتی کردنی پیاو ، تەنها گلییەکە لە بەختی مێینە کە هەمیشە شانازیم پێوە کردووە ، لەوانەشە بەشێکی کەموکووڕیەکە لە ئەستۆی ژن خۆیدا بێت ، ئەگەر خۆی دەست بداتە قەڵەم و بەشێك لەو مێژووە زبر و نێرینەیە بە دەست و خەتی مێینەی خۆی بنووسێتەوە ، ئەوا پیاو هەرگیز ئەو درۆ گەورەیە ناکات و بڵێت و پیاو بۆ ژن ئەنووسێتەوە ...

** ئەم بابەتە لە ژمارە 158 رێکەوتی 10-11-2005 بڵاوبۆتەوە